# پەیوەندیی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵات لەدوای ڕاپەڕینەوە

## کاروان عومەر کاکەسوور
karwankakasur@yahoo.co.uk

ڕۆشنبیر کە لە لەگەڵ ڕاپەڕیندا بە مانایەکی نوێ و بە پرۆژێکتی نوێ خۆی ناساند، بڕیاری دابوو هیچ سازشێک لەگەڵ دەسەڵاتدا نەکات. یەکەمین هێرشی ڕۆشنبیرمان بۆ سەر ڕۆشنبیری حیزبی بوو. لەوەیاندا بەچاکی سەری گرفتەکەی دۆزیبووەوە. بەڵام ڕۆشنبیر ئەوەندە بڵند فڕی، کە پاشان هەر فریای ئەوە کەوت مانایەکانی فڕین تەئویل بکات و ئاگای لە مەسەلە بنەڕەتییەکان نەما. ڕۆشنبیری حیزبی بەئاسانی توانی لەو هەڵەتەبوونەیاندا زۆربەیان ڕاو بکات. بۆ ئەوەش دانێکی زۆر کەمی بۆ ڕۆ کردن. وەکو وەرگێڕانی بەرهەمی یەکەمیان بۆ سەر زمانێکی دراوسێ. چاوپێکەوتنێکی خراپ لەگەڵ دووەمیان. نووسینێکی لاواز لەبارەی سێیەمیان. چاپکردنی کتێبێک بۆ چوارەمیان. بەوەش ڕۆشنبیری حیزبی ئابڕووی خۆی کڕیەوە. کار بەوە گەیشت چەمکی «ڕۆشنبیری حیزبی» بەتەواوی لە نووسینی ئەو نووسەرانەدا نەما. ڕۆشنبیری حیزبی توانی دەوری بڕۆکەر لەنێوان دەسەڵات و ڕۆشنبیری سەربەخۆدا ببینێت بەو مەبەستەی بۆ خۆیان پەیمانی نهێنی ببەستن. بەڵام باوەڕ ناکەم ئەو پەیمانە نهێنییانەی ڕۆشنبیر و دەسەڵات لەنێوان خۆیاندا بەستوویانە لەوە زیاتر بەردەوام بن. دەسەڵات ناچارە زۆر فایل ئاشکرا بکات و ئەو پەیمانانە هەڵوەشێنێتەوە. دەبێت پەیمانی دیکە لەگەڵ ڕۆشنبیرانی دیکەدا ببەستێت. ئەوەش بەشێکە لە میکانیزمی تازەکردنەوەی دەسەڵات، کە بەتەواوی لەگەڵ میکانیزمی تازەکردنەوەی ڕۆشنبیریی جیاوازە. ڕۆشنبیر لەژێرەوە بە دەسەڵات دەڵێت لەگەڵ تۆمە و لەسەرەوە بە خەڵک دەڵێ لەگەڵ تۆمە، بەڵام نازانێت بە خۆی بڵێت لەگەڵ «تۆم»ە یان لەگەڵ «جێری»؟ چونکە بەڕاستی گەمەکەیان بە گەمەی فیلمی کارتۆنی «تۆم و جێری» دەچێت. دەسەڵات بەچاوپۆشین لەوەی چەند بەئاگایە، وەکو غەریزەیەک لە هەوڵی ئەوەدایە زۆرترین ژمارەی ڕۆشنبیر بگۆڕێت، چونکە بەو کارەی نەک هەر ڕۆشنبیر بێ نرخ دەکات، بەڵکە هەموو ئەو هیوایانەش دەکوژێت، کە لە دەرەوەی خۆیدا، مەبەستم دەرەوەی دەسەڵاتە، بەو ڕۆشنبیرەوە بەندن. لێرە ئەوەی دەترسێت ئاشکرا ببێت، ڕۆشنبیرە، نەوەک دەسەڵات، چونکە نهێنییەکانی ڕۆشنبیر لای دەسەڵاتن، نەوەک بەپێچەوانەوە. ڕۆشنبیر نەک هەر نەیویستووە نهێنیی بە دەسەڵات ئاشکرا بکات، بەڵکو زیاتر وەکو دەزگایەکی ئینفەرمەشیۆنی خۆی بەو ناساندووە. لە قازانجی ڕۆشنبیرە ئەو پەیمانە درێژە بخایەنێت و ئابڕووی خۆی بپارێزێت، بەڵام دەسەڵات گوێ بەو قازانجەی ڕۆشنبیر نادات. بۆیە ڕۆشنبیر لەوەدا

سەرکەوتوو نابێت، کە دوای ئاشکرابوونی پەیمانە نهێنییەکان بۆ دۆخی جارانی بگەڕێتەوە، هەتا ئەگەر هەندێک بەردی ڕەمزییش لە پەنجەرەی ماڵی خزمە دوورەکانی دەستەڵات بگرێت و بە مانایە ترادیشیۆناڵییەکەی و بە مەبەستی شکاندنی شەرەفی فالۆسیانەی دەستەڵات، ناوی ژن و کچەکانیان لەسەر قۆڵ و باسکی خۆی بکوتێت. گۆڕینی شوێنیش دۆخەکە خراپتر دەکات، چاکتری ناکات.

ڕۆشنبیری سەردەمی ئێمە، چونکە پاش ئەوەی دەستەڵات دەریدەکات، بەو چارەنووسەی «موتەنەبی»ی شاعیر ناگات، بۆیە لە ژیاندا دەمێنێتەوە و ڕیسوا دەبێت. دەستەڵات چونکە باوکە، نەک دایک، زۆر دڵڕەقانە لەگەڵ ئەو ڕۆشنبیرە بەستەزمان و هەژارەدا دەجووڵێتەوە. کەواتە مەسەلەکە ئەوە نییە دایکێک منداڵەکەی لە شیر دەبڕێتەوە، بەڵکو باوکێکە و کوڕەکەی سزا دەدات. دایک دوای ئەوەی منداڵەکەی لە شیر دەبڕێتەوە، سۆز و خۆشەویستییەکانی بەردەوامن، چونکە چ وەکو بایۆلۆجیا و چ وەکو سایکۆلۆجیا ئەو مەمکانە هێشتا هی ئەو منداڵەن، بەڵام ئەو باوکە بە دڕندەی «شاخی کلیمانجارۆ» دەچێت. نەک هەر لە نانی دەبڕێتەوە، بەڵکو کارێکی وای پێدەکات، هیچ باوکێکی دیکە بەخۆی نەگرێت. ناوی بەتەواوی دەزڕێنێت. ئەویش چۆن؟ بە ئاشکراکردنی نهێنییەکانی چەند ساڵەی ڕۆشنبیر. لە ڕێگای میدیایەکانیشی نا، بەڵکو لەسەر زمانی هەندێ لە پیاوانی خۆی و لە دەرەوەی میدیایە ڕەسمییەکانی. بەکورتی زۆر سووکی دەکات، یان بەتەعبیری خۆیان ئەتکی دەکات، نەوەک باوکێکی دیکە بەخۆی بگرێت. هەتا ئەگەر باوکێکی دیکەیش داڵدەی بدات، ئەو قورساییەی جارانی نامێنێت. چونکە ئەو پڕۆسێسەی ئەتککردنە ڕەگوڕیشەی بۆ ناو ئەقڵیەتی تایەفەگەری دەگەڕێتەوە، بەوەی ماهیەتی ئەو ڕۆحلەبەرە دێنێتە گۆڕان و بۆ هەتاهەتایە لەناو ژیانی کۆمەڵایەتیی دوور دەخاتەوە.

ڕۆشنبیرەکەمان دەورێکی زۆر گرنگ لەوەدا دەبینێت، کە دەستەڵات نەکەوێتە بەرچاوی خەڵک، بەڵکو خۆی ئەرکی وەسفکردنی دەستەڵات دەهاوێتە سەر شانی خۆی. کەواتە ڕووی ڕاستەقینەی دەستەڵات دەشارێتەوە بەو مەبەستەی ئەوەی لای خەڵک دەبێتە پرسیار، فیگەرەکانی دەستەڵات بن، نەوەک دەستەڵات خۆی. ڕۆشنبیرەکەمان هەموو فێڵێک لە خەڵک دەکات، کە لە نزیکەوە نە دەستەڵات ببینێت و نە هیچ کۆنتاکتێکی لەگەڵیدا هەبێت. دەبێت هەموو کۆنتاکتەکان خۆی ڕێکیان بخات. ئەمە ئەو پەیمانەیە، کە ڕۆشنبیر بەنهێنی بە دەستەڵاتی داوە و دەیەوێت بەدڵسۆزیی جێبەجێی بکات.

یەکتربینینی دەستەڵات و ڕۆشنبیر نە بە ژوانی دوو دڵدار و نە بە بەیەکشادبوونەوەی دوو برا و نە بە ڕووبەڕووبوونەوەی دوو دوژمنیش دەچێت، بەڵکو پێکگەیشتنێکە زۆر تایبەت. ڕۆشنبیر وەکو ئەوە وایە لە خەوندا دەستەڵات بینێت، بەڵام دەستەڵات لە هەموو کاتێکی دیکە چاکتر هۆشی لە لای خۆیەتی.

ڕۆشنبیرەکەمان کە هەتا دوێنێ ئەوەندە شەیدای ناوبانگ بوو، هەر دە دوازدە لاپەڕەی لاوازی بنووسیبا، بە ڕۆنیۆ ڕایدەکێشا و وەکو نانی تیری دەرگا بە دەرگا دەیگێڕا، بەو مەبەستەی خەڵک بزانن نووسەرە. ئێستاش وا گەیشتۆتە لای لووتکەی دەستەڵات و لە حزووری دانیشتووە. وەکو «فرۆید» ڕوونی دەکاتەوە لە خەوندا ئیگۆ خاوەنی ئازادییەکی زیاترە، چونکە کۆنترۆڵی یاسا ڕەوشتییەکانی کۆمەڵگا کز دەبن. ئێستا ڕۆشنبیر بەوەی گەیشتۆتە لای دەستەڵات، دەیەوێت هەموو ئارەزووە سەبدوال «چەپێندراو»ەکانی خۆی تێر بکات، کە بە گرێی خۆبەکەمزانینەوە بەندن، بەڵام ئەوەی ڕێگای لێ دەگرێت ویژدانە. ئێستا ڕابردوو بۆ ڕۆشنبیرەکەمان گەورەترین بەڵایە، چونکە لەوێ ئەو دەستەڵاتی بە

پیسترین شێوە و لە نزمترین ئاستدا وەسف کردووە. ئێستا ڕۆشنبیرەکەمان ئەوەندەی پێی خۆشە دەستەڵات جوێنی پێ بدات و سووکی بکات، ئەوەندە پێی خۆش نییە ڕێزی لێ بگرێت، چونکە ئەو ڕێزە پاڕادۆکسالێک دێنێتە گۆڕێ و یادەوەریی هەردوو لایان دەخاتە گەڕ، بەڵام ڕەزیلکردن و شکاندنی، بالانسێک دروست دەکات و کەمێک لەو ئازارەی ویژدانی ڕۆشنبیر دەنیشێنێتەوە. ئەو ئازاری ویژدانە وەکو «فرۆید» دەڵێت بە گرێی ئۆدیپەوە بەندە. ئەو کوڕە پاش ئەو هەموو دژایەتییەی باوکی و ناشیرکردنی روخساری لە لای خەڵک، ئێستا وا پەشیمانە و بۆ لای گەڕاوەتەوە. ڕۆشنبیرمان بە زمانێکی ڕاستەوخۆ و بە حەرف جوێنی بە دەستەڵات و بە باوک و باپیری دەستەڵات داوە. ئەوەش ڕێگایەکی تەقلیدییە. قسەکانی یەکلایەنن. هی ئەوەی نین تەفسیری دیکەیان بۆ بکرێت. ئەو دەستەڵاتی هەڵنەوەشاندۆتەوە هەتا بەجیاواز لە هەر پارچەیەکی بکۆڵێتەوە، بەڵکو هەر ڕووی دەرەوەی دەستەڵاتی بینیوە و بۆی وەسف کردووین. وەکو ئەو مامۆستایە تەقلیدییەی نیگاری شتەکان لەسەر تەختەڕەش دەکێشێت و بە دارەکەی دەستی ئاماژەیان پێ دەکات. ئەوە درەختە. ئەوە ئەسپە. ئەوە دیوارە، بەڵام ئەوە دۆلارە. بە لایەکی دیکەدا ئیشی ڕۆشنبیرەکەمان لە ئیشی ئەو گۆرانیبێژە میللییە دەچێت، کە لە ئاهەنگە میللییەکاندا ناوی کەسە ڕاستەقینەکان وەکو خۆیان دەهێنێت، ئینجا بەمەبەستی پێداهەڵدان بێت یان داشۆرین. ئیدی هەقی بەسەر ئەوەدا نییە لە هیچ شتێکیان بکۆڵێتەوە. وەکو ڕوونە زۆربەی کات ئەو گۆرانیبێژە میللییە مرۆڤێکی سادە و دڵپاکە. پێمان ناڵێت بلیمەتێکی گەورەیە. ئەو کەسانەی ناویشیان دێنێت، کەسانێکی پەراوێزیین و هەر لە گەڕەکی خۆیان ناسراون. خەمی یەکەمی ئەو گۆرانیبێژە بەجۆشدانی ئاهەنگەکەیە. چینییەکان دەڵێن ئەوەی بە جنێو شەڕ بکات، بە ماچ ئاشت دەبێتەوە. بۆیە دەشێت ڕۆشنبیرەکەمان هەر زوو لەگەڵ ئەوەی چەند ساڵە جوێنی پێ دەدات، ئاشتبێتەوە و جوێن بە لایەکی دیکە بدات. ئەو لایەنەی هەتا دوێنێ ڕۆشنبیرەکەمان بە فریادڕەسی دەزانی. دەتوانێت ئەو ڕەخنە سادەیەی بۆ هەموو دەستەڵاتێک بەکار بهێنێت. ئەویش بەتەنیا بە گۆڕینی ناوی کەسەکان. لەبیرمانە پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس، شاعیرێکی قادسیە وتی هەموو ئەو شیعرانەی بۆ «سەدام حسێن»ی وتوون، دەکرێت ناوی دوو سەرۆکەکەی کوردیان لە جێگای دابنێن. ڕۆشنبیرمان کارێکی ئاوای کردووە. شەرمەزارییەکەی قورسە. ڕۆشنبیرەکەمان دەیەوێت نیشانی دەستەڵاتی بدات، کە ڕابردووی زەمەنێکی قەڵپە و ئایدۆلۆجیای بەدی بێگانان تووشی گوناح و خەتایان کردبوو، بەڵام لێرەوە ئەو خەتایانە ڕاست دەکاتەوە و دەبێتە کوڕی ئاقڵی ماڵی باوکی، بگرە ڕێگا لە خەڵکانی دیکەش دەگرێت خەتا نەکەن. ئەوە گفتێکە ڕۆشنبیرەکەمان بە نیشانەکانی سەر دەموچاوی و لە میانەی هەندێک قسەی پرتەبلێ، نەوەک ڕاستەوخۆ بە دەستەڵاتی دەدات. مەبەستمان ئەوەیە ئەو قسانە بە ڕوونی ناڵێت، چونکە لە حزووری ئەودا پێویستە بەئەدەب بێت و زوو زووش قسەکانی ببڕێت. دەستەڵات بەو ناڵێت چی بۆ بکات و چی بۆ نەکات، چونکە ئەوە لە لایەک مانای ئەوەیە لێی قەوماوە و لە لایەکی دیکەش دانپێدانێکە بەوەی، کە ئەو شتی لە دەست دێت. دەستەڵات مادام ڕێگای داوە ڕۆشنبیر بێتە دیوەخانەکەی، ئەوا هەموو شتێکی لەگەڵدا بڕاندۆتەوە و پێویست ناکات هیچ قسەیەکی پێ بڵێت. ئەوە هەقێکە و ڕۆشنبیر پێش ئەوەی کڵاشەکانی لە حەوشە، نەک لە هەیوان دابکەنێت، لە پۆرتەرەکانی دیوەخانی دەستەڵاتی وەرگرتووە. بەڵام ڕۆشنبیر بە هەندێک ئاماژە

دەیەوێت پێی بڵێ عەشیرەتێک خوێنەری هەیە و ناهێڵێت بە هەڵەکانی ئەودا بچن. «ئۆدیپ» دوای ئەوەی پاشای کوشت و شاژنی مارە کردەوە، ئینجا زانی ئەوەی کوشتیوویەتی باوکیەتی و ئەوەی مارەی کردۆتەوە دایکیەتی. لەوەوە پەشیمان بووەوە و ژیانی لەبەرچاو ڕەش بوو. ڕۆشنبیرەکەمان کە بە ڕەمز دەستەڵاتی کوشتووە و نیشتیمانی لەژێر دەستی هێناوەتە دەرێ، تازەی زانیوە ئەو نیشتیمانە دایکیەتی. پێشان دەیوت ئەو نیشتیمانە بەهیچ جۆرێک هی ئەو دەستەڵاتە نییە. خەونی بەوەوە دەبینی، کە نیشتیمانێکی هەبێت، ئەوی تێدا نەبێت. ئەوەش لە سایکۆلۆجیادا پێی دەگوترێت کوشتنی ڕەمزی. زۆر جار هەوڵی کوشتنی نیشتیمانیشی داوە یان بە خوارفەی زانیوە. وەک ئەو سەردەمەی دەیوت نیشتیمان یەکەکە لە پایەکانی ڕژێمی سەرمایەداری. زیان بە خەباتی کرێکاران دەگەینێت. دەبێت نیشتیمان نەمینێت و ئەنتەرناسیۆنالیزم ئەلتەرناتیڤە. ئەوە سەرچاوەکەی ئەو ترسەیە، کە کوڕەکەمان لە ترسی ئەوەی نەوەکا باوکی بیخەسێنێت، ئەو خاکە وێران دەکات، کە لەوێ باوکی دەستەڵاتی هەیە و هەڕەشەی لێ دەکات. بەڵام تازەی زانیوە ئەو نیشتیمانە بەتەنیا ژنی باوکیەتی و بەو ناشێ. سەیر نییە ئەگەر ئەمڕۆ ئەو لە هەموو کەسێکی دیکە زیاتر باسی ئەوە بکات، کە نیشتیمان دایکە. دایکێکی بێگەردە. باوەشێکی گەرمی هەیە. دەیەوێت بڵێت هەموو ئارەزووە بەدەکانی گۆڕیوەتەوە بە خۆشەویستییەکی ئاینییانە و پاکی دایکی. لەمەودوا ئەو دایکەی بۆ باوکی دەپارێزێت. باوکی بەتەنیا هەقی هەیە چی لەو ژنەی خۆی دەکات. ئەمڕۆ لە کاتێکدا گەنجەکان هەزار و یەک بەردی ڕەمزی لە دەرگا و پەنجەرەی ئەو نیشتیمانە دەگرن، کە بووەتە ئەدرێسی چەوسانەوە و بێحورمەتی، بەڵام ڕۆشنبیرمان بەپێچەوانەی جارانی دەڵێت لە سایەی باوکمدا بەهەشتێکە و خوا بەخشیویەتی. لەوەتی لەگەڵ باوکم ئاشتبوومەتەوە، ڕۆژی گەشی ئازادی و بەختەوەری هەڵاتووە. کاتی خۆی «بەرنارد شۆ» کە چووە خزمەتی «ستالین»، لە ڕێگا لەناو شەمەندەفەر سەری لە پەنجەرە هێنابووە دەرێ و کێکی بەسەر خەڵکی مۆسکۆی سۆسیالیستیدا دەباراند. بەوەش دەیویست بڵێت دنیا لە سایەی «ستالین»ی باوکدا بۆتە بەهەشت. کێکەکەشی لە بەریتانیای سەرمایەدارییەوە هێنابوو. هەر ئەوکاتە ملیۆنەها کرێکار و خەڵکی چەوساوە نەک هەر نانیان نەبوو بیخۆن، بەڵکە زمانیشیان لێ سەندبوونەوە، نەوەک وشەی ئازادی و نانی پێ بڵێن. زۆر ڕۆشنبیر تیرۆر کرابوون. زۆریش لە زیندانەکان بوون. زۆری وەک «سۆلجستین»یش ڕاوندرابوون. لێرە ڕۆشنبیرەکەمان بە گۆرانیبێژی میللی ناچێت، چونکە ئەو ڕێزی خۆی و خەڵک دەگرێت. لەگەڵ تەواوبوونی ئاهەنگەکە، هەقی بەسەریانەوە نامێنێت. ڕێگا بە خۆی نادات ببێتە ڕێنیشاندەریان و پێیان بڵێت دنیا بۆتە بەهەشت یان دۆزەخ. پێیان ناڵێت کێ فریشتەیە و کێ ئیبلیس. ئەوە پڕکردنەوەی ئەو دێپریڤایشن «حرمان»ەیە، کە ڕۆشنبیرمان پێش ئەوەی دەستەڵات ئاوڕی لێ بداتەوە، بە خۆیەوە بینیوە. ویژدانی ڕۆشنبیر لە مەترسییەکی گەورە دایە. ئەوەی زیاتریش ئازاری دەدات، ئەوەیە، کە ئەو خۆی لە هەر کەسێکی دیکە باشتر دەزانێت ڕۆشنبیرێکی ساختەیە و بە ساختەچییەتی خوێنەری ساویلکەی بە دوای خۆی داوە. هەتا ئێستا نووسینەکانی نەبوونەتە جێگای قسە و باسی هیچ خوێنەرێکی هۆشیار و یەک نووسەری باشی ناو دنیای ڕۆشنبیرییش ئەوی بە نووسەر نەزانیوە. هەر کەسێک بیەوێت باسێک لەبارەی بیر و فەلسەفە و ئەدەب و هونەرەوە بنووسێت، ئەوەی ئیشی پێی نابێت، نووسینەکانی ئەون. ئەو باش دەزانێت لەبەرئەوە ئاوڕی لێ دراوەتەوە، کە لە

گوتەکانی پێشانی پەشیمان بووەتەوە و ڕووی جوێنەکانی لە ئاوەدانییەکەی خۆی کردووە. ڕۆشنبیرەکەمان سوودێکی زۆر لەو نووسینە کرچ و کاڵانە دەبینێت، کە نەیارەکانی بە زمانێکی سادە و لە نزمترین ئاستی ڕۆشنبیرییدا لە دژی ئەوی دەنووسن. ڕۆشنبیرەکەمان هەتا لە لای دەسەڵاتە، خوێنەری لەبیر نییە، بەڵام هەرکە روخساری دەسەڵاتی لەبەرچاوی بزر بوو، ئینجا ئەو وەکو چاکێتەکەی «گۆگۆڵ» لێی بڵند دەبێت. سەر ڕێگاکانی لێ دەگرێت وەک «حەمەتاڵی بانە». ئەویش لایەکەی دیکەی ویژدانی ئازار دەدات. ئەو هەتا دوێنێ پێی وتووە دوژمنی ئەو دەسەڵاتە چەوسێنەرەیە و ئەمرۆش بەئەدەب و گوێڕایەڵانە چۆتە دیوەخانەکەی. وەکو وتمان ڕۆشنبیر لە خەوندا دەسەڵات دەبینێت و دەسەڵاتیش لە گەرمەی ئاگاییی خۆی دایە. لەبەرئەوەیە دەسەڵات دەزانێت پاش ئەو دیدارە ئاشکرایەیان، ئەو ڕۆشنبیرە هیچ خوێنەرێکی سەربەخۆی نامێنێت. ئەوانەی بە شان و باڵیدا هەڵدەدەن، بەتەنیا میدیای حیزبیین و وەکو ئەندامێکی گوێڕایەڵی حیزبی، نەوەک وەکو ڕۆشنبیر تەماشای ئەو ڕۆشنبیرە ساختەیە دەکەن. وەکو ئەوەی ئەو ڕۆشنبیرە کابرایەکی گەڕیدە بێت و بە مەبەستی فرۆشتنی خەنجەرێکی ئەنتیکی نایاب هاتبێتە خزمەتی دەسەڵات. خەنجەرەکەی بەجێدەهێڵێت و هەقەکەی وەردەگرێت. ئەو کابرایە چونکە خۆی خەنجەرەکەی دروست نەکردووە، لەبەرئەوە دەسەڵات پێویستی بەوە نییە ڕایبگرێت و خەنجەری دیکەی ئاوا عەنتیکەی پێ دروست بکات. ڕەنگە ئەو خەنجەرەی لا بمابووایە، نەشارەزایانە ورگی مەرێکی ئەوی پێ هەڵبدڕیبا، بەڵام تازە فرۆشتی و سەلامەتە. دەسەڵات بە مانایە ترادیشیۆناڵییەکەی ئارەزووی کۆکردنەوەی جۆرەکانی خەنجەری هەیە. هەر کەسێک خەنجەری پێبێت، ئەو لێی دەکڕێت. ئەوەی ئەو خەنجەرەی دۆزیبێتەوە، ئەوە هەر جارێک ڕێی دەکەوێتە دیوەخان، بەڵام ئەوەی خۆی دروستی بکات، ئەوە حیسابەکەی بەشێوەیەکی دیکەیە. هەیانە شانسی هەیە و زوو زوو خەنجەر دەدۆزێتەوە. هەشیانە فێڵزانە، هەر ئاوا دەکات، خەنجەرێک دەدزێت. هەتا ئێستا ئەوانەی دەسەڵات مامەڵەی لەگەڵدا کردوون، خۆیان خەنجەرەکانیان دروست نەکردووە. یان دزیویانە یانیش دۆزیویانەتەوە. ئەو ڕۆشەنبیرەی بیەوێت لەوان نەچێت، دەبێت هەر لە بنەڕەتەوە واز لە خەنجەر بێنێت. ڕۆژی ئەوە هاتووە چیدی خەنجەر نەبێتە ڕەمزی ڕۆشنبیری، کە زۆر بەئاسانی ئاڵوێری پێدەکرێت و هەر ئەوە سومبولی پیاوەتییشە، بەوەی دەسەڵات بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دایە سیمایەکی نێرانە بە ڕۆشەنبیریی بدات.

لێرە مەسەلەیەکی دیکەش هەیە، نابێ بەسەریدا تێپەڕین، ئەویش ئەوەیە دەسەڵات ڕێگای ڕۆشنبیرمانی داوە لەپاڵ ئەو هەموو ستایشکردنەی ئەودا، بە خەڵکیش بڵێت ئەو سەر بە دەسەڵات نییە. ئەوە بەتەواوی لە قازانجی دەسەڵاتە، چونکە دەیەوێت پێمان بڵێت، کە ڕۆشنبیری سەربەخۆش پشتی ئەو دەگرن و ئازادییەکی زۆریش لە نیشتمانی دەسەڵاتدا هەیە. ڕۆشنبیرەکەمان زۆر بە خۆشحاڵییەوە ئەوە دەکات، چونکە دەیەوێت بە خوێنەر بڵێت هێشتا دژی دەسەڵاتە و زۆریش ئازایە. ناوبەناوییش ڕۆشنبیرەکەمان هەندێک ڕادیۆ و ڕۆژنامەی بەناو نیوتراڵ دەقۆزێتەوە بەو مەبەستەی ئابڕووی خۆی پێیان بپارێزێت و بڵێت ئەها ئەوانە بایەخم پێ دەدەن؟!

ئەو ڕۆشنبیرە نەیتوانیوە هیچ کێشەیەکی جدیی نە لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی و ئاینی و نە لەگەڵ قەناعەتە دۆگماییەکانی خوێنەردا بێنێتە گۆڕێ، بەڵکو زۆربەی کات لەپێناوی شاردنەوەی ئەو

پەیوەندییەی نێوان خۆی و دەستەڵاتدا، پەلاماری ئازادییەکانی خەڵکی داوە. بەمەش تەنها توانیویەتی ئاژاوەیەک بخوڵقێنێت، نەک شەڕێک بەرپا بکات. ئەو کەسانەی ڕۆژگارێک هیوایان بەو ڕۆشنبیرە بووە لە بەرامبەر دەستەڵاتدا شەڕیان لەپێناودا بکات، ئەو بەپێچەوانەوە دەستی دەستەڵاتی گرتووە و بۆ سەر ئازادیی ئەوانی درێژ کردووە. ئەو خەڵکەی کردووە بە دز، جەردە، فێڵباز، گەمژە و هیمۆسێکسوال و دەیان سیفەتی دیکەی ناشیرینی داونەتە پاڵ. ئەو ڕۆشنبیرە بەوەدا، کە هیچ پڕۆژەیەکی بۆ ئاینده نییە، ئیشەکەی کتومت لە ئیشی پیاوی ئاینی دەچێت. هەردووکیان لەسەر مردووان قسە دەکەن. پیاوی ئاینی نوێژیان لەسەر دەکات و ڕۆشنبیر دەڵێت ئەوانە دواکەوتوو بوون، نەزان بوون، دز بوون، هۆمۆسێکسوال بوون، بۆیە بەو چارەنووسە گەیشتن. ڕۆشنبیر نازانێت لەبارەی ژیانەوە هیچ بڵێت، چونکە ژیان دەستەڵات دەستی بەسەردا گرتووە و بۆی نییە لێی نزیک بکەوێتەوە. ڕۆشنبیر مجێوری گۆڕستانە و لەوێ ژیاننامەی مردووەکانمان بۆ دەخوێنێتەوە. هەتا ڕووداوی مەرگ زیاتر بێت، ئەو ڕۆشنبیرە زیاتر دەڵێت و دەنووسێت و ژمارە و قەبارەی کتێبەکانی گەورەتر دەبن. ڕۆشنبیر دوای ئەو ئاژاوانەی لەگەڵ خەڵک، نەک لەگەڵ دەستەڵاتدا ناویەتیەوە، خۆی بۆ پاکانەکردن تەرخان کردووە. هەموو پڕۆژەی ئەو ڕۆشنبیرە ئەوەیە بۆمان ڕوونبکاتەوە، کە ئێمە بە هەڵە لێی تێگەیشتووین. بۆ ئەمەش پەنا بۆ میدیاکان دەبات و لە نزمترین ئاستی زماندا دێتە گۆ. لێرەوە بەرهەمی زیاد دەکات، بەبێ ئەوەی ئەو بەرهەمەی هیچ کاریگەرییەکی لەسەر فیکری ئێمەدا هەبێت.

زۆر کەس وادەزانن کە وەختێک لەسەر شاشەی تیڤی دەستەڵات و ڕۆشنبیر پێکەوە دەبینن، یان کاتێ سەرنج دەدەن وا ئەو ڕۆشنبیرە لە نووسینەکانیدا ستایشی ئەو دەستەڵاتە دەکات، ئەوە سەرەتای ئەو کۆنتاکتەی نێوانیانە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە ئاشکرابوون و سەرەتای کۆتاییی ئەو کۆنتاکتەیە، کە لەمێژە بەنهێنی بەستراوە. لێرە ڕۆشنبیر زیاتر بە یاریکەر دەچێت. لە پێشبڕکێی خزمەتکردنی دەستەڵاتدا سەرکەوتووە و پاداشتی خۆی وەردەگرێت. مەرج نییە لە خولی داهاتوودا هەر ئەو یاریکەرە بیباتەوە، هەتا ئەگەر هەمان توانای جارانیشی هەبێت و لە پاریش خۆشبەزتر بێت. لێرە یەک دوو پرسیار دێنە گۆڕێ: ئایا ئەو ڕۆشنبیرە، کە ئێستا بەتەواوی خۆی بە دەست دەستەڵاتەوە داوە، لەبەرئەوەیە ئەو دەستەڵاتە خۆماڵییە؟ بۆچی لە سەردەمی دەستەڵاتی بێگانەدا ئەو لە بەرەی ئۆپۆزیشۆندا بوو؟ بەڕای من بەتەنیا لەبەرئەوە بوو، کە ڕۆشنبیرەکەمان ئەوسا بەدەست نەبوونی ناوبانگ و خوێنەر دەینالاند، چونکە لە مەسەلەی نووسین و زماندا هێز و توانای ئەو نووسەرانەی نەبوو، کە دەستەڵات ڕۆڵی پێ دەسپاردن. تەنانەت لە بەرەی ئۆپۆزیشۆنیشدا ئەو هەر لە پەراوێز بوو، چونکە لەچاو ئەوانیشدا ئەو هیچ توانایەکی نەبوو. هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بوو بناسرێت و ئارەزووە سەبدوالییەکانی خۆی تێر بکات. هەستی بەوە دەکرد، کە لەچاو نووسەرانی نەوەی خۆیدا بە کەم تەماشا دەکرێت. کەس لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا ناوی نەدەهێنا. بە ڕای من ئەگەر توانای نووسەرانی قادسیەی هەبا، ئەوسا پەنای بۆ لایەنی شۆڕشگێڕی و هوتاف نەدەبرد. بەلایەنی کەم نووسەرێکی وەکو ئەو نووسەرانەی لێ دەردەچوو، کە نە بۆ بەعسیان نووسی و نە لە دژیشی ڕاوەستان. ئەگەرچی ئەوەی ئێمە لەو چەند ساڵەدا لەو ڕۆشنبیرەمان بینیوە، ئەوە نیشان دەدا، کە ئەو ناوەڕاستی هەڵنەدەبژارد. ڕۆشنبیرمان هەموو ڕێگایەکی گرتە بەر هەتا بناسرێت. زیاتر لە ئایدۆلۆژیایەک و حیزبێکیشی

تاقیکردەوە. بە سەیری نازانین ئەگەر ڕۆشنبیرمان تیژترین زمانی بۆ شکاندنی نووسەرانی نەوەی خۆی بەکارهێنابێت. پێی وابووە نووسەرە گەورەکان هەموو ئەوانەن، کە لە ڕابردوو ژیاون و لەمێژە مردوون. ئەوە ئارەزوویێکی تاناتۆسیانەیە و دەیەوێت هەموو شتێک بکوژێت. دەیەوێت بڵێ دنیا هیچی جوانی تێدا نەماوە و دەبێت وێران بکرێت. دەبینین ئەو ڕۆشنبیرە پەلاماری جوانترین تێکستی ئەو سەردەمەی داوە و ویستوویەتی بیانکوژێت. مەسەلەکە ئەوە بوو باوکێک نەبوو بیکاتە هی خۆی و هەمان بایەخی برایەکانی پێ بدات، هەتا هێمن بێتەوە و ئەو حەماسەی نەمێنێت. ڕۆشنبیرمان کە ئەمڕۆ خۆی بە دەست ئەو دەستەڵاتە خۆماڵییە داوە، ئەوسا هەر ئەو دەستەڵاتەی لە خانەی دەستەڵاتە بێگانەکە دانا بوو. ئایا ئەگەر هەر گوتەکەی خۆی ڕەچاو بکەین، مانای ئەوە نییە ئەو خۆی بەدەست دەستەڵاتە بێگانەکەش داوە؟

دەستەڵات کاتێ دەیەوێت ڕۆشنبیرێک بە یەکێکی دیکە بگۆڕێت، بەتەنیا مەبەستیەتی شێوازەکانی ئەو وەسفە بگۆڕێت، ئەگینا ئەو ڕۆشنبیرە بەستەزمانە نە هیچ ناڕەزاییەکی نیشان داوە و نە پێی خۆشە بیگۆڕن. دەستەڵات پێویستی بە وەسفی دیکەی خۆی هەیە بەو مەبەستەی بەردەوام ڕووی ڕاستەقینەی خۆی بشارێتەوە. هەر کاتێک ئەو ڕۆشنبیرە دەبێتە باسی کۆڕ و کۆمەڵانی خەڵک، ئەوا دەستەڵات بە هەموو جۆرێک دەیەوێت لە خۆی دوور بخاتەوە، نەوەک لە ڕێگای وی بکەوێتە بەرچاوان و بکرێتە بابەتی قسە و باس. ئەمە ئەو گیایە تاڵەیە، کە مەڕی دەستەڵات حەزی لێ ناکات. دەیەوێت بڵێت ڕۆژگارێک ئەو ڕۆشنبیرە لێی قەوماوە و ئەو بەخێری خۆی نانی پێداوە، ئەگینا ئەو هیچ داهێنانێکی نەکردووە. لەگەڵ ئاشکرابوونی هەر فایلێکیشدا، ئەو کائینەی ناویان لێناوە خوێنەر باجەکەی دەدات و وەکو ملوانکە گوناهەکانی لە مل دەکرێن. لە ئەفسانەی «ئۆدیپ پاشا»شدا، بەشێکی زۆری خەتایەکە دەکەوێتە ملی ئەو شوانە هەژارەی، کە وەختێک «ئۆدیپ» بە منداڵیی فڕێدرابوو، ئەو هەڵیگرتەوە و گەورەی کرد.

تێبینی: ئەو بابەتە لە ئەنجامی گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیی نێوان کاک گۆران عەبدوڵلا و مندا هاتە گۆڕێ. مەسەلەکەم تەنها وەکو چیرۆکنووسێک بینیوە و بە دیدگایەکی ئەدەبییش نووسیومە. هەر لێرەیشەوەیە وەکو جێگۆڕکێی کارەکتەر و ڕووداو لە چیرۆک و ڕۆماندا، ئاوا تێکەڵییەکم لەنێوان ئاستەکانی «ڕۆشنبیری» و جۆرەکانی «ڕۆشنبیر»یشدا دروستکردووە.